

# ملوانکەی دەنک درشـــــــ



پێویســـتی و جوانیی ئێکسسوار چی لە جوانیی جل و بەرگ کەمتـــر نییە، چونکە ئێکســـــواریش جوانی و بایەخی خۆی هەیە، بە سەر بەرۆك و جەستەی کچاندا دەبریقێتەوە. جۆرەکانی ئێکســـــوار هەمەچەشنن، هەر یەکە تایبەتە بە کات و شوێنی خۆی. بۆ نموونە، لە کاتی ئاهەنگ و زەماوەندا، زیاتر بازن و گۆبەرۆك و گوارە و خرخاڵیش بەکار دەهێنن، بۆ کاتی دەوامی فەرمیش، ملوانکە و گوارەیەکی ســـادە جوانیت گەشـــاوەتر









# کراسی هاوینەی ئافرەتان

جل و بەرگ تا چەند ناســـك بـــێ ئەوەندە کچان جوانتر و گەشـــاوەتر دەکات. جلی جوان، ئاوێنەیەکە بۆ جوانیی کچان و خانمان، بـــە تایبەت کراس و عەزیەی درێژ، کە چەندین شێوە و چەشنی هەیە، کراسی درێژ جوانییەکەی بەربڵاوە، لە هەموو لایەکەوە جوان و ســـەرنج ڕاکێش دێتە بەرچاو، زیاتـــر لە بۆنەی تایبەتـــی وەك یادی لە دایك بوون، هەروەها لە زەماوەنـــد و ئاهەنگی بچووکیش لەبەر دەکرێن، کراسی ڕەنگاوڕەنگ، مۆدی سەردەمە، تەنانەت خانمانیش دەتوانن لـــە ماڵدا لەبەری بکەن، چونکە جوان و نەخشـــینە. لە هاوینیشدا کراسی تەنك و ناسك دێنە کایەوە، دیزاینەکەی ناســـك و دڵگیرە، لەبەر کردنیشـــی خۆش و بێ کێشەیە، بە سەلیقە و حەزی خانمانە، ئەو جۆرە کراســـە، هەر یەکە بە شێوازێکە، هەندێکیان یەخەیان کراوەیە و لە شـــێوەی بازنە وان، هەندێکی دیکەشـــیان بەرۆکت بە دیار دەخەن، هەندێکی دیکەش داپۆشراون. پۆشینی ئەو جۆرە کراسە دەکەوێتە سەر زەوقی کەسەکە، کچانیش ئازادن لە هەڵبژاردنی هەر جۆرە ڕەنگ و نەخشـــێك، بەڵام گرنگە کراســـەکە پڕ بە بەریان بێت تا لە سەر جەستەیان جوان بنیشێت.

# ـــــــت جوانترت دەكات







دەكەن. ئێستا كچانی فەرمانبەر و پیشەوەر گرنگی بەو دوو جۆرە ئێكسسوارە دەدەن، بەڵام زیاتر ملوانكەیان مەبەستە و لە رۆژانی دەوام و چوونە كاریان لەملی دەكەن. ملوانكە چەندین شێوەی هەیە، باریك و ئەستووریان هەیە، هەیە دەنكی درشتە و هەشە دەنكی وردە. مۆدی ئێستای ملوانكە باریك و دەنك درشت باوە، كچانیش دەتوانن ئەو شێوازە ملوانكەیە لە مل بكەن، بە مەرجێك لەگەڵ رەنگ و ستایلی جل یەكبخرێت.



# مەهێڵە ماكیاژەكەت تێكبچێت!

زۆربەی كچان ماكیاژ دەكەن، ماكیاژ كردن بەلای هەندێك لە خانمانەوە ئەستەم و قورسە. گرنگە خانمان بزانن چۆن ماكیاژ دەكەن؟ هەروەها چۆن بتوانن بۆ زۆرترین كات بیهێڵنەوە بە دەم و چاویانەوە تێك نەچێت. هەڵبەت چەندین هۆكار هەن وا لە ماكیاژ دەكەن بتوێتەوە، هەندێ جاریش ماكیاژ بە گەرما یان بە بەرز بوونەوەی پلە و رادەی شێ تێكدەچێ. زۆر جار كچان سەریان لە تێكچوونی ماكیاژیان سوڕ دەمێنێ، ئەگەرچی دەشڵێن: باشترین و چاكترین جۆری ماكیاژم هەیە، بەڵام هەر تێكدەچێ. یەكێك لە گەورەترین كاریگەریی سەر ماكیاژ پلەی (شێ) یە، لە هاوینیشدا پلەی شێ زیاد لە ئاستی خۆی بەرز دەبێتەوە كە دەبێتە هۆی تێكدانی ماكیاژی رووخسار. چەند رێنماییەك هەن تا ماكیاژەكەت لە شێ دەپارێزن و بۆ زۆرترین ماوەش دەمێنێتەوە، رێنماییەكەش ئەمەیە:

-پاككردنەوەی دەم و چاوت بە ئاوی شلەتێن، لە هاوینیشدا لە ئاوی گەرم دوور بكەوە.

-بەر لە ماكیاژ كردن، پارچە بەفرێك لە پێستی دەم و چاوت بسووە و لێیبخشێنە.

-ئەو جۆرە ماكیاژەی كە تۆخ و قورسە بەكاری مەهێنە، بۆ زانینی ئاستی قورسی و سووكیی ماكیاژ، لەسەر ماكیاژەكە نووسراوە كە رادەی تۆخی و سووكیی چەندە.

سەرەتای ماكیاژەكەت بە رەنگی ئەساس دەست پێبكە، پاشان كرێمی دژە خۆر و دژە ئاو و شێی لێ بدە، كە لە بازاڕدا دەست دەكەون، لە كۆتاییدا پۆدرە لە هەموو پێستی دەم و چاوت بدە، بەم جۆرە پێستت لە شێ دەپارێزی و ماكیاژیش بۆ زۆرترین ماوە دەمێنێتەوە.





# نەخشە سەیرەکانی ئەشکەوتی خنس

ئەو ئەشـــکەوتە دەکەوێتە ســـنووری پارێـــزگای دهۆك، بـــە دووریی (١٣)کیلۆمەتر لە شـــاری دهۆکەوە، هەروەها دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی شێخان.بە هاوینە هەواری ســـەنحاریب پاشای ئاشوور ناسراوە، سەردەمی ئەو پاشایەش بۆ ساڵانی (٦٨٢-٧٠٤) پێش زایین دەگەڕێتەوە. ئەشکەوتەکە لە نێو نیمچە دۆڵێکدایە کە دەکەوێتە نێو زنجیرە شاخێکەوە. دەروازەی ئەشـــکەوتەکە دەڕوانێتە سەر ئاوێکی ســـازگار، لە شاخەکەدا چەندین پەیکەر و ئەشکەوتی وەك: پەرستگا، نەخشەسازیی دیکەی هەڵکۆڵدراوە هەن. شوێنی نەخشە هەڵکۆڵدراوەکان لە شوێنێکی بەرزن و بە شێوازێکی سەیر و جوان دروست کراون، وەك ئەوەی چەند پەیکەرتاشێك کاریان تێدا کربێت، ئاخۆ لە پێشـــوودا چ جۆرە زانستێکیان زانیوە تا ئەو نەخشە ســـەیرانە لەسەر گاشە بەردی وا ڕەق و تەق بکەن؟ ئەشـــکەوتی خنس بە جێگایەکی شـــوێنەوار ناسراوە، ناوی خەنس لە (خانوسا)وە هاتووە، کە سەنحاریب ئەو ناوەی هەبووە، ئەو نەخش و وێنە ئاسەوارە کۆنانەی لەم ئەشکەوتەدا هەن بریتیین لە: گای باڵدار، ئەفریزی گەورە، سەنحاریب، چەندین وێنەی جۆراوجۆری دیکەی تایبەت بە ڕێنمایی و زانیاری و فێرکردنە، دەگوترێ: ڕەنگە نەخشـــی سەر ئەو گاشە بەردانە وەك تابلۆیەکی فێرکردن بێت.

# ئەو گڵۆپانە سەرمەستت دەکەن

پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شـــتی تازە و سەیر و بەرهەمی نوێ پێشکەش بە خەڵك دەکات، هەندێکیان بۆ خەڵك بەسوودن،کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریان دەهێنن، هەندێکیشـــیان بۆ سەیر و ســـەمەرەن، تەنانەت هەندێکیان بۆ









جوانی و سەرنج ڕاکێشانی خەڵکن. ئەگەر ڕۆژێك لە ماڵەکەتدا جاڵجاڵۆکەیەکی گەورەت بینی، لێی مەترسە ڕەنگە ئەوە گڵۆپ بێت، ئەوەتا کۆمپانیایەکی فنلەندی سەیرترین جۆری گڵۆپی ماڵانی دروست کردووە، کە هەر یەکێك جۆرە دیکۆر و شێوەیەکی هەیە، گڵۆپەکان لە شێوەی جاڵجاڵۆکە، دیواری بە گڵۆپ، کوارگ، هەور، پلاستیك، ئەمەو چەندین شێوەی دیکەش لەم جۆرە بەرهەم هێندراون، ئەو گڵۆپە سەیرانەش دەکرێ لە ماڵ دابندرێن یان لە هەر دیکۆرێکی دیکەدا بۆ جوانی ببەسترێن.



گیانلەبەران هەر یەکە شێوەیەکیان هەیە، جوان و ناشیرین، بچووك و گەورە، لەو کاتەی بچووکن جوانن، پاشان جوانییان نامێنێ و شێوەیان دەگۆڕێت. کەچی لە چین جوانترین سەگیان نیشان کرد، ئەو سەگە لە جۆری (بۆدل)ـە کە لە ناوچەی شینایگی چین دوای پێشبڕکێی نێوان کۆمەڵە سەگێك، ئەو سەگە بە جوانترین سەگی ساڵی (٢٠١٤) هەڵبژێردرا. جگە لەوەی شێوەی بچکۆلانەیە، هەروەها خاوەنەکەی جلی بۆ کڕیوە و لەبەری کردووە، ئەوەش بووە جێگەی سەرنجی کەناڵەکانی میدیا و ڕۆژنامەوانیی جیهانی، سەرباری ئەوەی خەڵکیش سەرسام دەبن بە بینینی جوانترین سەگ.





# پێڵاوە تازەکەی خانمان!

ماوە ناماوە مۆدی تازە و جوانی پێڵاوی خانمان دەردەکەوێ، هەندێکیان بە پێی ستایلی وەرزن، هەندێکی دیکەشیان بەنەخشی جوانەوە دەکەونە بەردەستی خانمان، کەچی هەندێکیشیان بە شێوەی جیاواز لە شێوەی خۆیان دروست دەکرێن، تا ببنە جێ سەرنجی کڕیاران. ئەمانە چەندین پێڵاوی شێوە جۆراوجۆرن، هەر یەکە لە شێوەی کەرەستەیەکی دیکە وەرگیراوە، تا هەر کاتێك یەکێك لەو جووتە پێڵاوانەت بەرچاو کەوت، کەرەستەیەکی دیکەت بێتە پێش چاو. پێڵاوی لەم جۆرە پاژنەبەرزی پێدەڵێن، بەرهەمی کۆمپانیای (کۆبی لیڤی)ی بولگاریایە، سەیرترینیان ئەوەیە کە پاژنەکەی لە شێوەی بنێشت وایە، وەك ئەوەی ئەو کەسە پێی لە بنێشتێك نابێ، پاشان قاچی هەڵبگرێ و بنێشتەکەش بە پشتەوەی پێڵاوەکەیەوە بێت، ئەم وێنانە چەندین وێنەی جۆراوجۆری پێڵاوی لەم چەشنەن، کە بۆ خۆشی و سەرنج ڕاکێشی خەڵك دروست کراون.

# خواردن لە شێوەی ئاڵای کوردستان




لە زۆربەی چێشتخانەکانی کوردستان، چەندین جۆرە خواردنی جۆراوجۆر لە شـێوەی ئاڵا و نەخشی کوردستان دروست دەکرێن، تەنانەت هەندێك لە خانمانیش کاتێك لە ماڵ دەبن، خواردنەکانیان لە شێوەی ئاڵا و نەخشی کوردستان دەرازێننەوە، ئەوەتا لەم چەند وێنەیەدا چەندین نەخشی جۆراجۆری ئاڵا نەخشێنراوە.

# مۆتۆڕسکیلێک لە زێڕ

ئەگـەر هاوڕێکەت گوتـی : مۆتۆرسـکیلێکی زێڕم هەیە، گاڵتـەی پێمەکە بڵێ چۆن شـتی وا دەبێ ! چونکە هاوڕێکەت ڕاست دەکات و مۆتۆرسکیلی زێڕ پەیدا بووە، ئەوەی دەیبینن جۆرە مۆتۆرسکیلێکە زۆربەی پارچەی ئەو ئامێرە لە زێڕ دروست کراوە، نرخی ۸۹۰ هەزار دۆلارە، شـیاوی باسە ئێستا ئەو مۆتۆرسکیلە زێڕە لە پیشانگای نێودەوڵەتی هامبۆرگی ئەڵمانیدا دانراوە.



# کاریکاتێر



- ئەمە گیانداری فیلـە، هەوڵبدە بزانە چەند قاچی هەیە، ئەگەر بە چاو سـەیرکردنێك تەماشای بکەی ٤ قاچ دەبینی، بە شێوەیەکی دیکەش ٥ قاچ دیارە.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

وا پێویست دەکات ئەو کێشەیەی ئێستات بەبێ دەنگی چارەسەر بکەیت، چونکە ناحەزت زۆرەو هەوڵ دەدەن کێشەکەت ئاڵۆزتر بکەن، هەر لەو ماوەیە کەمێك ماندوو دەردەکەویت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەو دونیایە تەنیا ڕۆژێك و دووان نییە، ڕۆژێك هەر دێت ئەو کەسەی کە هەڵوێستی بەرامبەرت خراپە پەشیمان بێتەوە، کەمێك دان بەخۆتا بگرە.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لایەنی سۆزداریت کێشەو گرفتی تێدەکەوێت، بەڵام دەستەوەستان نامێنیت و هەوڵی بنبڕکردنی گرفتەکان دەدەیت و لایەنی بەرامبەر لە ڕاستیەکان دەگەیەنیت، بەمەش ویژدانت ئاسوودە دەکەیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

مەترسە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەندێ هەڵوێست کە پەیوەندی بەخۆشەویستەکەتەوە هەیە، لە ڕابردوو دووربکەرەوە تا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت، ئامۆژگاری دەوروبەرەکەت وەربگرە.


**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لەو پرۆژەی کە بۆ دواڕۆژ بیرت لێکردۆتەوە تەنها ئەوەندەی پێویستە دەست بە جێبەجێکردنیان بکەیت ئەوەی دیکە خۆی بە ئاسانی جێبەجێ دەبێت، گۆڕانکارییەکان وات لێدەکەن لەڕووبەڕووبوونەوە نەترسی.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لە بواری سۆزدارییەوە سۆزێکی ئێجگار قووڵ لە ناخی دڵتەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش زۆر پارێزی نزکیی خۆشەویستەکەت دەبیتەوە، پێویست بەم هەموو گومانە ناکات و دوو دڵیش مەبە.







# وێنە دەدوێ !

لــەم چەند وێنەیەدا، باس لــە نەخش و نیگاری هەمە چەشــن دەکەین کە لە ســەوزە و میوە دروست کراوە، لەو کاتەی کە ســەوزە و میوە چاك دەکرێ و سپی دەکرێتەوە، تــا ئامادە بێ بۆ خواردن، کەچی وادیارە لێهاتووەکان لەم بوارەش توانیان جوانترین شــێوە و نەخش لە میوە و سەوزە دروست بکەن.



# وتەی ناوداران



**-(شارلۆت دێلبۆ) دەربارەی دڵ دەڵێ:**

دەزانن دڵ هەیە ڕەقتر لە ئاسن؟ دەزانن ئازاری وا هەیــە، کۆتایــی بۆ نییە؟ دەزانــن بەیانیان تامەزرۆی خۆشــی دەبووین، ئێوارانیش لە زۆر شت پەشیمان دەبووینەوە!

# زانیاری بەسوود

- پەپوولە تەنیا دەتوانێ تامی سێو بکات، ئەوەندەش ڕووناکیان خۆشدەوێ، ئــەو شــوێنەی ڕووناکــی لێبێــت بــۆی دەچن، تەنانــەت هەندێك جار ئاگریش ببینن، لەبەر خۆشەویســتی ڕووناکییەکــە خۆیان دەخەنە ناو ئاگرەکە، چونکــە ڕووناکیان خۆشدەوێ.

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
لە بواری ئەڤینداریيەوە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت، ئەمەش بەهۆی دوودڵیتەوە بەرامبەر بە دۆستەکەت و وا هەست دەکەیت کە زۆر شت هەیە لەتۆی دەشارێتەوە لەبیرت نەچێت تۆش زۆر شتت لەو شاردۆتەوە .

**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
دڵی دۆستەکەت مەڕەنجێنەو گرنگی پێ بدە، چونکە ئەو تۆی زۆر خۆشدەوێ، ئاگاداری هەڵسوکەتت بە ئەم ماوەیە هەست بەماندوو بوون و بێزاری دەکەیت.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
ئەم ماوەیە زۆر گرنگی بە ژیانی کۆمەڵایەتیت دەدەیت، هەروەها ئاوات و حەزەکانت زیاتر دەبێت، بەڵام کەمێك دڵتەنگ دەبیت بەهۆی نارۆشنی ئاکامەکان، بەڵام چونکە بەخت یاوەرت دەکات سەرکەوتن بۆ تۆیە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
پاداشتێکت بەدەست دەگات و باری داراییت بەرەو باشتر دەبات، پرۆژەی گەشتێك سەردانی کەسێکی ئازیزی دوور لەمێشکت سەرهەڵدەدات، گرفتە سۆزدارییەکەشت بەرەو کۆتایی دەچێت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
سادەیی و ساکاریت ئاکارو ڕەوشتی جوانتر کردوویت لەلای کەسوکاریشت شیرینترو خۆشەویستر بوویت، بەڵام هەست دەکەیت کەسانێك ئەم هەڵسوکەوتانەی تۆ بەهەڵە لێك دەدەنەوە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
لایەنی سۆزداریت کێشەو گرفتی تێدەکەوێت، بەڵام دەستەوەستان نامێنیت و هەوڵێ بنبڕکردنی گرفتەکان دەدەیت و لایەنی بەرامبەر لەراستیەکان دەگەیەنیت، بەمەش ویژدانت ئاسوودە دەکەیت.